سەماحەتی حەکیم ئەرکەکانی دەستەی شەهید میحراب لە بەڕێوەبردنی چلە بەرز دەنرخێنێت و کەلتووری بەخشین لە سەردانی چلەکە دووپات دەکاتەوە

بەڕێز حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەنی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەکاتی چاوپێکەوتنی کۆمەڵێك سەرکردەکاتنی ڕێکخستنەکانی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە بەغدا، ستایشی ئەو خزمەتگوزارییانەی کرد کەکاروانەکانی شەهید میحراپ بە پاڵپشتی ڕێوڕەسمی چلەی پیرۆز پێشکەشی سەردانیکەرانی (ئیمام حوسەین) یان کرد، سلاوی لێ بێت گوتیشی ئەو ئەرکانە ڕۆشنبیری و کەلتووری پێدان و بەخشین دەردەبڕێت کە ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان پێی ناسراون.

سەماحەتی ئاماژەی بەوەدا کە بەشداری کردنی چلە گرنگییەکی مێژوویی قووڵی هەیە، پێشتریش بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە کە تێیدا دەسەزان باجی قورسیان داوە لەوانە بڕینەوەی دەست و قاچ، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە شەهیدی پیرۆز بەهای هەڵوەستی لەم حەجەوە سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە، ئەمەش بە ڕوونی ئاماژە بە ڕادەی قوربانیدان و خۆڕاگری لەسەر بنەماکان دەکات.
بەڕێز حەکیم ڕوونیکردەوە کە عێراق گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ژوورەکانی سەرکوت و ئازاردان بوونە ژوورێک کە بۆ ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکان و ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی سەردانیکەران ڕێکخراوە، ئەمەش وایکردووە سەردانی چلەکە ببێتە مۆدێلێکی جیهانی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستندا و سەرچاوەی ئیلهام بۆ کۆبوونەوە ملیۆنییەکان لە سەرتاپای جیهاندا...

هەروەها بەڕێز حەکیم ئاماژەی کرد بەوەی کە ئەگەر سەرنج بدەین لەسەر ئەو سەردانەی ئەمجارە بۆمان دەردەکەوێت کە سەردانیکەران لە 96 وڵاتەوە بەشداربوون و هەریەکەیان بوونە پەیامنێرێک بۆ گەیاندنی تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بە بەخشندەیی عێراقییەکان و میوانداریان و توانایان لە بەڕێوەبردنی ئەم ڕووداوە ناوازەیەدا...

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی تیشک خستنە سەر وێنەکانی بەخشندەیی کرد، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵان پێشکەشی دەکەن و گوتی پێویست ناکات بۆ هەندێک کرداری تاکەکەسی سنووردار سەرقال بین بەڵکو پێویستە جەختکردنەوە لەسەر جەوهەری بۆنەکە و سیمبولییە مەزنەکەی بکەین.
سەبارەت بە دۆخی سیاسی و ڕێکخستنەوە، سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر پێویستی زیادکردنی ئەرکەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییەکان و بنیاتنانی ڕای ئەرێنی کە خزمەتی هاولاتی دەکات و ئاماژەی کرد کە سەرکەوتنی عێراق لە پەیڕەوکردنی بنەمای هاوسەنگی لەمامەڵە کردن لەگەڵ ململانێ ناوچەییەکان بێ تێوەگلان تیایدا سەرکەوتنە بۆ عێراق..

بەڕێزیان گوتیشی چانسی ڕاستەقینە ئەوەیە دەست بە بنەمای هاوسەنگی و ناوەندگیری بگرین لەبەر ئەوەی توانای ئەوەی هەیە دەنگدەران ڕابکێشین وەرای ئەو پارەیەی هەندێك لایەن لەهەندێك گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان پێشکەشی دەکەن، داواشی کرد بۆ گۆڕەپانەکان دابەزن و زیاتر ئامادەییان لە سۆسیال میدیا و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان هەبێت و واز لە کەشی نەرێنی و بی ئومێدی بهێنن و تیشك بخەنە سەر ئەو قۆناغە گرنگ و هەستیارە..